# فەزڵ و حوکمی فەرمان کردن بەچاکەو ڕێگرتن لە خراپە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

ئامادەکردنی : پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( فضل وحكم الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر )

« باللغة الكوردية »

إعداد : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# فەزڵ و حوکمی فەرمان کردن بەچاکەو ڕێگرتن لە خراپە

بەڕێزان وخۆشەویستان: فەرمان کردن بەچاکەو ڕێگرتن لەخراپەو ڕێنموی کردنی موسڵمانان بۆ سەر ڕێگای ڕاستی و چاکە، وەئاگادارکردنەوەیان لەوەی بکەونە نێو خراپەو گومڕایی وە، لەواجیباتی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، وەچاکترین هۆکارە بۆ چاک بوون و چاکسازی لەکۆمەڵگەی ئیسلامی دا.

وەئەم وەزیفەیە زۆر زەروریە بۆ جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامی لەسەر زەویدا، وە بۆ سەرکەوتنی ڕاستی و حەق بەسەر پۆچەڵی و گومڕایی، وە بۆ سەرکەوتنی چاکە بەسەر خراپەدا، وە بەهۆی ئەو وەزیفەیەوە خوای گەورە کۆمەڵی موسڵمانانی پەیدا کرد،خوای گەورە دەفەرموێت: { **وَلْتَكُن مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ** } (آل عمران:١٠٤)

واتە:ئەبێ لەناو ئێوەدا کۆمەڵێک ببێت، بانگەواز بکەن بۆ چاکە، وەفەرمان بدەن بەهەموو چاکەیەک، وەبەرگری بکەن لەهەموو خراپەیەک، وەئەوانەخۆیانن سەرکەوتوو [ ١ ].

بۆیە دەبێت کۆمەڵێک هەبێت بانگەواز بکات بۆ ڕێگای چاکە، وەفەرمان بەچاکە بکات و قەدەغەی خراپە بکات، وەدەبێت ئەو کۆمەڵە موسڵمانە دەسەڵاتیان هەبێت لەسەر زەویدا ، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو کارە ئەنجام بدەن .

وەزانایانی ئیسلام ـ ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ـ زۆر گرنگیان داوە بەم وەزیفەیە، وەچەندەها پەرتوکیان داناوە کە باسی ئەم کارە گەورەیە دەکات...

موسڵمانانی خۆشەویست: ئەگەر تەماشای بارودۆخی ئێستای موسڵمانان بکەین، دەبینین کەم تەرخەمێکی زۆر هەیە بەرامبەر ئەم کارە پیرۆزە، بەڵکو وای لێهاتوە کەس لێی نزیک نابێتەوە، یان ئەگەر ویستی ئەنجامی بدات بەشەرم وترسەوە ئەنجامی ئەدات. ..!

بۆیە پێم خۆشە پێکەوە بچینە خزمەتی چەند ئایەت و فەرمودەیەکی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بۆ ئەوەی بزانین فەزڵ و حوکمی ئەم کارە چەندە و چیە...؟

خوای گەورە دەفەرموێت:{**كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْراً لَهُمْ مِنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ**} (آل عمران:١١٠).

واتە: (بەڕاستی) ئێوە چاکترین ئوممەتێکن کە(بۆ سوودی) خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە، چونکە فەرمان بەچاکە دەدەن و قەدەغەی خراپە دەکەن و باوەڕی دامەزراوتان بەخوا دەهێنن، خۆ ئەگەر خاوەنانی کتێب باوەڕیان بهێنایە(بەئاینی ئیسلام) ئەوە چاکتر بوو بۆیان هەیانە ئیماندارن، بەڵام زۆربەیان گوناهبارو تاوانکارن. [ ٢ ].

وەدەفەرموێت:{ **لَيْسُوا سَوَاءً مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَائِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللَّهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ * يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَأُولَئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ** } (آل عمران: ١١٣و ١١٤).

واتە: (گاور و جوو) هەموویان یەکسان و چوونیەک نین، بەڵکو لەخاوەنانی کتێب دەستەیەک لەئیماندارانیان هەن، ئایەتەکانی خوا لەکاتەکانی شەودا دەخوێننەوەو نوێژدەکەن و سوژدەدەبەن (موسڵمانن بەهەموو واتایەک) .

ئەوانە ئیمان و باوەڕیان بەخواو بەڕۆژی دوایی هەیەو فەرمان دەدەن بەچاکەو قەدەغەی خراپەدەکەن و بەپەلەو تاڵوکەن بۆ ئەنجامدانی هەموو خێرو چاکەیەک، بێگومان ئەوانە لەڕیزی چاکەکار و چاکەخوازاندان. [ ٣ ].

وەدەفەرموێت:{ **وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلا تَعَاوَنُوا عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ** } (المائدة: من الآية٢).

واتە:لەسەر چاکەو هاوکاری و کۆمەک و پارێزگاری،یارمەتی یەکتر بدەن،بەڵام بۆ گوناح و تاوان دەست درێژی و لە سنوور دەرچوون، هاوکاری وکۆمەکی یەکتر مەکەن.[ ٤].

وەدەفەرموێت: { **فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ أَنْجَيْنَا الَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ السُّوءِ وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُوا بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ** } ( الأعراف:١٦٥).

واتە: جا کاتێک فەرامۆشیان کرد ئەوەی ئامۆژگاریان پێی کرابوو، ئێمەش ئەوانەی کەقەدەغەی خراپەیان دەکرد ڕزگارمان کردن و ئەوانەش کەستەمیان کردو

هەوڵیاندا بۆ کردنی ئەوکارە ناڕەوایە، بەسزایەکی سەخت گیرۆدەمان کردن، بەهۆی ئەوەی لەسنوور دەرچوو بوون. [ ٥ ].

وەدەفەرموێت:{ **وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ** } (التوبة:٧١) .

واتە: پیاوان و ئافرەتانی باوەڕدار ، هەندێکیان یارمەتی دەرو خۆشەویستی هەندێکی تریانن، چونکەفەرمان دەدەن بەچاکەو جڵەو گیری دەکەن لەخراپە، وەبەڕێک و پێکی نوێژ جێبەجێ دەکەن، وەزەکات ( ی سامانیان ) دەدەن، وەگوێ ڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، وەئەوانە لەداهاتوودا خوا ڕەحمیان پێ دەکات.[ ٦ ].

ئەبو حامد ئەلغەزالی ـ ڕەحمەتی خوا لێ بێت ـ ئەڵێت: "خوای گەورە وەسفی ئیمانداران دەکات کەوا { **يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ** } دەکەن، وەئەوەی فەرمان بەچاکە نەکات و ڕێگرتن لە خراپە نەکات، ئەوانە لەدەرەوەی ئەو ئیماندارانەن".[ ٧ ].

عن أبي ذرّ ـ رضي الله عنه ـ أن ناسا من أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم قالوا للنبي صلى الله عليه وسلم : يا رسول الله ! ذهب أهل الدثور بالأجور . يصلون كما نصلي . ويصومون كما نصوم . ويتصدقون بفضول أموالهم . قال : " أو ليس قد جعل الله لكم ما تصدقون ؟ إن بكل تسبيحة صدقة . وكل تكبيرة صدقة . وكل تحميدة صدقة . وكل تهليلة صدقة . وأمر بالمعروف صدقة . ونهي عن منكر صدقة " .[ ٨ ].

واتە: خەڵکانێک لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئەهلی دەوڵەمەند هەموو پاداشتەکانیان بۆ خۆیان برد، نوێژ دەکەن هەروەکو چۆن ئێمە نوێژ دەکەین ، وە بەڕۆژوو دەبن هەر چۆن ئێمە بەڕۆژوو دەبین، وەچاکە دەکەن بەو پارەیەی هەیانە، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: ئایە نازانن کەخوای گەورە هەندێ شتی بۆ داناوون کەچاکەی پێ بکەن، یان پاداشتی چاکە کردنی هەیە بۆتان،کردنی هەر تەسبیحاتێک ( سبحان الله ) چاکەیە، کردنی هەر تەحمیدەیەک ( الحمد لله ) چاکەیە، کردنی هەر تەهلیلەیەک ( الله اکبر ) چاکەیە، وەفەرمان کردن بەچاکە چاکەیە، وەڕێگرتن لە خراپە کردن چاکەیە".

هەروەها دەفەرموێت :" إياكم والجلوس في الطرقات . قالوا : يا رسول الله ! مالنا بد من مجالسنا . نتحدث فيها . قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : فإذا أبيتم إلا المجلس ، فأعطوا الطريق حقه . قالوا : وما حقه ؟ قال : غض البصر ، وكف الأذى ، ورد السلام ، والأمر بالمعروف ، والنهي عن المنكر ".[ ٩ ].

واتە: وریا بن لە ڕێگاوبان دامەنیشن. وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئێمە کاتێک دادەنیشین گفتوگۆ دەکەین و ئەحواڵی یەکتری دەپرسین وئاگامان لەیەکتر دەبێت. پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کە بۆی دەرکەوت هەر سوورن لەسەر دانشتن، پێانی فەرموو: ئەگەر هەر دانشتن ئەوە حەقی ڕێگاوبان بدەن. وتیان: حەقی ڕێگاوبان چیە؟ فەرموی: چاوی خۆتان لەسەیر کردنی نامەحرەم داخەن و بپارێزن، وەئەزێتی کەس مەدەن ـ بەقسەو کردەوە ـ وەکو غەیبەت کردن و گومانی خراپ بردن بەخەڵکی و تەمشا نەکردنی خەڵکی بەچاوێکی

کەمەوە یان لێدانی خەڵکی وڕێگرتن لێیان، وەوەڵامی سەلام بدەنەوە ـ چونکە سوننەت وایە ئەوەی ڕێ دەکات سەلام دەکات لەوەی دانیشتوە ـ ، وەفەرمان بەچاکە بکەن و ڕێگری لەخراپە کردن بکەن.

عن طارق بن شهاب قال: أول من بدأ بالخطبة ، يوم العيد قبل الصلاة ، مروان. فقام إليه رجل . فقال : الصلاة قبل الخطبة . فقال : قد ترك ما هنالك . فقال أبو سعيد : أما هذا فقد قضى ما عليه . سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول :(( من رأى منكم منكرا فليغيره بيده . فإن لم يستطع فبلسانه . ومن لم يستطع فبقلبه . وذلك أضعف الإيمان )).

واتە: ( طارق ) کوری ( شهاب ) دەڵێ: یەکەم کەس لەرۆژی جەژنا لەپێش نوێژدا دەستی کرد بە وتار خوێندنەوە مەروان بوو، پیاوێک هەستاو وتی: نوێژ لەپێش وتارەوەیە، وتی: ئەو سوننەتە وازی لێهێنراوە( ابو سعيد ) وتی: بەڵام ئەم پیاوە ئەوەی لەسەری بوو گەیاندی، بیستوومە لەپێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی:(( هەرکەس لەئێوە خراپەیەکی دی بابەدەست بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی بەزمانی، ئەگەر نەیتوانی بەدڵی، ئەوەش لاوازترین ئیمانە)).[ ١٠ ].

ئەم ئایەت وفەرمودانەی سەرەوە بەڵگەن لەسەر فەزڵی فەرمان بەچاکە و ڕێگری کردن لەخراپە، وەبەڵگەن لەسەر پلەوپایەی ئەم کارە ، وەبەڵگەن لەسەر ڕێزداری ئەنجامدەرانی.

وە حوکمی ئەم کار و وەزیفەیە واجیبە لەسەر هەموو موسڵمانێکی بەتوانا ، تاک بێت یان کۆمەڵ، پیاو بێت یان ئافرەت. وەفەرمودەی خوای گەورە:{ **وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ** } بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەئەم کارە فەرزی کیفایەیە.

ئیمامی نەواوی ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەڵێت:" فەرمودەی پێغەمبەری خوا ( فلیغیره ) فرمانی واجبوونەبەکۆ دەنگی ئوممەت. وە کتاب و سوننەت و ئیجماعی ئوممەت بەڵگەن لەسەر واجب بوونی فەرمان بەچاکەو ڕێگری کردن لە خراپە، وەئەو کارە لەئامۆژگاریەکانە کە بۆخۆی بریتیە لەئایین ( الدین ).وەکەس لەم بۆچونە لای نەداوە تەنها هەندێک لە( ڕافیزەکان )نەبێت .[ ١١ ].

وە دەڵێت:" فەرمان بەچاکەو ڕێگری کردن لە خراپە، دەبێتە فەرزی عەین ئەگەر هاتوو لەجێگایەک بوو کەس زانیاری پێ نەبوو تەنها ئەو نەبێت، یان کەس نەتوانێت بیگۆڕێت تەنها ئەو نەبێت، وەکو ئەو کەسەی کە خێزانەکەی یان خزمەتکارەکەی یان منداڵەکەی ببینێت لەسەر تاوانێک یان کەم تەرخەمی بکات لەچاکەکردن ".

وەدەبێت بزانین کەفەرزی کیفایە ئەوەیە ئەگەر هاتوو هەندێک لەموسڵمانان هەستان بەئەنجامدانی ئەوە پاداشتێکی زۆریان دەست دەکەوێت لەلای خوای گەورەوە، وەئەو فەرزە لەسەر خەڵکانی تر لادەچێت،وەلاچونی ئەو فەرزە لەسەر خەڵکانی تر بەدوو مەرج دەبێت:

یەکەم: ئەوەی بێ دەنگە لەسەر فەرمان وڕێگری کردن ( الامر والنهی ) دەبێت بزانێت کەوا خەڵکانێک هەستاون بەئەنجامدانی ئەو فەرزە .

دووەم: ئەو کەسانەی کە داوایان لێ کراوە بەواجب بوونی گۆڕینی خراپە و تاوان لەپلەی دەست و زوبان ( الید واللسان ) یەکسان بن .

وئەگەر کەس فەرزێکی کیفایە ئەنجام نەدات ئەوە هەموو موسڵمانان تاوانبار دەبن .

وه بەنسبەت بە ڕێگری کردن لە خراپە بە دڵ، واتە حەزلێنەکردن لەو تاوانەی کە دەیبینیت وئاگات لێیەتی، دەبێت بزانین کەوا لەسەر موسڵمانی موکەلیف لاناچێت بەهیچ شێوەیەک، چونکە هیچ عوزرێک نیە کەوا ڕێگر بێت لەپێشی بەحەزلێنەکردنی ئەو تاوانە. [ ١٢ ].

لەکۆتاییدا داواکارم لەخوای گەورە یارمەتیمان بدات بۆ ئەنجامدانی فەرمان بەچاکە کردن و ڕێگرتن لە خراپە کردن...

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

سەرچاوە و پەراوێزەکان:


[ ١ ] پوختەی تەفسیری قورئان .

[ ٢ ] تەفسیری ئاسان .

[ ٣ ] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[ ٤ ] تەفسیری رامان لەمانا و مەبەستی قورئان.

[ ٥ ] تەفسیری ئاسان.

[ ٦ ] پوختەی تەفسیری قورئان .

[ ٧ ] کتێبی تنبيه الغافلين عن اعمال الجاهلين، لاپەڕە:١٥ .

[ ٨ ] ئیمام موسلیم ریوایەتی کردوە.

[ ٩ ] بوخاری موسلیم ریوایەتیان کردوە.

[ ١٠ ] پوختەی صەحیحی موسلیم، وەرگێڕانی لیژنەیەک، بەرگی یەکەم، لاپەڕە: ٣٦ .

[ ١١ ] شەرحی نەواوی لەسەر صەحیحی موسلیم،١٣١/١.

[ ١٢ ] کتێبی تنبیه الغافلین عن اعمال الجاهلین، لاپەڕە:٢ ٣ .